# فەلەکەدین کاکەکی بەرگری لە شێرزاد عەبدول ڕەحمانی بەعسی دەکات

## ئەردەڵان عەبدوڵڵا



دانانی قەڵەمفرۆشێکی بەعسی( شێرزاد عەبدول ڕەحمان) بە سەرنووسەری گۆڤاری هەرێم ، بووە مایەی نارەزایی بەشێکی زۆری خەڵکی ، کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو نووسەریش بەتوندی نارەزاییان بەرامبەر ئەم کارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەربڕی . دیارە ئەم بەعسیە جگە لەسەرنووسەری گۆڤاری هەرێم ، کراوەتە راوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیریش. لەجیاتی ئەوەی بەرێز فەلەکەدین کاکەکی ، ئەم بەعسیە دەربکات و داوای لێ بوردن بکات ، کەچی لە ڕۆژنامەی میدیا ، کەوتۆتە بەرگریکردن لەم بەعسیە . کاک فەلەکەدین کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوەو دەیەوێت زۆرینەی نووسەری کورد بخاتە قاڵبی شێرزادی بەعسیەوە . ئەوەتا دەڵێت : ( بەداخەوە نووسەران لەوەختی ڕژێمدا ، زۆریان ڕەنگە تووشی هەندێک هەڵەبووبن*) . کەتۆ دەڵێیت زۆرینە ، مانایەکی ئێجگار خراپی هەیە ، چونکە هیچ کات ئەو قسەیەی جەنابتان راست نییە . ئەمە ناهەقیەکی گەورەیە کەلەدژی نووسەران دەیکەیت . چونکە کەی زۆرینەی نووسەرانی کورد بەعسی بوون؟! . دوای ئەوە ئایا چۆن دەبێت ، کەسێک ماوەی چەندین ساڵە، لەرۆژنامەکانی بەعسدا ،وەسفی سەدام و ڕژێمە دڕندەکەی کردبێت ، ئەمڕۆ جەنابتان بە ( هەندێک هەڵە!!!!) دایبنێن . ئایا ئەمە هەندێک هەڵەیە یان تاوانێکی گەورەیە؟! ئایا کەسێک سەدام بە کەسێک شۆرشگێرو سەرکردەیەکی زانا وەسف بکات، چۆن دەبێت ئەمڕۆ بکرێتە راوێژکاری وەزارەتی حکومەتێکی کوردی ، کەچەندین ساڵە سەدامی خوێنمژ هەوڵی قڕکردنی کوردی داوە. پاشان کاک فەلەکەدین دەڵێت : ( دوای ڕاپەڕین لێبووردنی گشتی بۆ هەموو کەسێک دەرچوو،،،،، بەلای منەوە شتێکی باش بوو*) . بەراستی ئەمە گاڵتەجاریەکی گەورەیە ، کەتەنها سەدام و چەند وەزیرێک تاوانبارکرێت . سەدام بەتەنها ( **ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و تەهجیری**) کوردی نەکردووە . بگرە ئەوە کاری دەزگایەکی گەورەی دەوڵەتێکە ، کە هەزاران ( **شێرزاد!) کاری تێدا کردووە** . ئەوانەی کەبەقەڵەم بەرگریان لەسەدام و ڕژێمە خوێناویەکەی کردووە ، لە سەرۆک جاشەکان تاوانبارترن، چونکە ئەوان بە ئاگاوە ئەو کارەیان کردووە . کاک فەلەکەدین لەبەرگری نامەکەیدا دەڵێت : (کاک شێرزاد کارمەندێکی ڕۆژنامەگەریە،، لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ئەکتیڤە ، هەندێ توانای هونەری هەیە، هەندێ بەهرەی هەیە ، دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین، کوردێکە و لەخۆمانە ) ئەم قسانە هەموویان ڕاستن ، بەڵام لەکام ڕۆژنامەیەدا ئەم بەرێز ئەکتیڤ بووە؟! ڕۆژنامە بەعسیەکان یان ڕۆژنامە کوردیەکان؟! . پاشان یانی لەکوردستان دا ، کەسێکی تر نییە ئەو توانا و بەهرەیەی ئەم شێرەکوڕەی بەعسی نەبێت؟! . ئەو هەموو کچ و کوڕە گەنجانە هەن، کەهەموو کوردن و لە خۆمانن!! ، هەمووشی بێکارن و کارێکیان دەستناکەوێت ، کەچی بەعسیەکیش لەجیاتی کارێک دوو کاری دەستدەکەوێت!! . لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی خۆی لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵمەتی پاکسازی بدزێتەوە ، دەڵێت : ( کاک شێرزاد بەر لەمن کراوەتە شارەزا ( خبیر ) ی وەزارەت ، باشە کەبە شارەزا دانراوە ، دەبێ کاری پێ بدەین،،* ) یانی خەتای من نییە!!!.
بەڵام شیرزادی بەعسی لەهەمان رۆژنامەدا دەڵێت : ( من وەزیری رۆشنبیریم لە پشتە ، هەر بۆیە بەزەیەم بەو کەسانە دێتەوە کەلەدژم شت دەنووسن،،، هیچ کات کاتی خۆم بەو کەسانەوە خەریک ناکەم *). ئەگەر دەستێکی بەهێزی لەپشتەوە نەبێت ، چۆن ئەوەندە رووی قایم دەبێت ، بەو کۆمەڵە نووسەرە بڵێت ( عەریزەنووس*). هەرچەندە ئەمە پیشەی کۆنی خۆی بووە.
بەڕاستی جێگای داخە کەسێکی وەکوو تۆ ، بەم پایزی تەمەنەوە ، بەرگری لە بەعسیەکی وەکوو شێرزاد عەبدول رەحمان بکەیت . من هیوادارم ئەو هەڵمەتەی کە نووسەران دەیکەن ، بەردەوام بێت و ، نەهێڵرێت ئەم بەعسیە لەکورسی راوێژکاری وەزارەت دابنیشێت .

*سەرچاوە
رۆژنامەی میدیا / ژمارە 247 / 2006.07.04

بۆ ئەوەی دەقی ووتارەکەی شێرزاد عەبدول رەحمان بخوێنیتەوە ، کەچۆن وەسفی سەدام دەکات، کلیکی ئێرە بکە .
http://kurdistannet.biz/2006/7-2006/5-7/sherzad.pdf

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com